# مەرزە دەبێت بەئەستێرە

( سارا فەقێ خدر )




منداڵێکی پڕ لەهاژە و نۆتەی باران
بەدەم چرپینی گۆرانی
لەگەڵ پۆلێك پە پوولەدا
لەم چڵ بۆ ئەوچڵ ڕادەکا!
شەنگە کیژێك لەسەر شانۆ
لەگەڵ نەزمی ئاوازێکدا
لەنێو هوروژمی چەپڵەدا سەمادەکا !

*    *    *    *

سەرەتای بەهارێکی تەڕ
دووچاوی مەستی پڕلەهەست
کەسێك بەدوایدا دەگەڕێ
ئەمە ئاماژەی وەرزێك بوو، نائاسایی

*    *    *    *

هاوینێکی گەلا پروکێن
ژنێك بەڕەنگی خاکەوە ،بالابەرزتر لە( بەیان )
لەبناری ڕەوەزێکدا
سەدای عیشق پەخش دەکا!
لە پایزێکی کۆچەردا...
دایك ئامێزی بەرینتر
لە پانتایی نیشتمانی خەیاڵەکان
ئارامبەخش وەك بۆنی گڵی دوای باران

لەکەڵ کلوەبەفرەکاندا
ئیلهامێکی سپی...سپی دێتەخوارێ

له نێو خانووی سارد و سڕی غوربه‌تێكدا
ئاگردانێك پڕله‌ پشكۆ ی به‌هره‌ ده‌بێ
ژوور ده‌بێته‌ چراخان و
ئاوازه‌ پڕخرۆشه‌كان، ماڵ پڕده‌كه‌ن له‌ئارامی
گۆرانیه‌كان سنووری ماڵ و گه‌ڕه‌ك و
شار و مه‌مله‌كه‌ت ده‌پسێنن
ده‌رگا، ده‌رگا دڵه‌كان ده‌خه‌نه‌ سه‌رپشت
مه‌رزه‌ ده‌بێ به‌ ئه‌ستێره‌
به‌ئاوه‌ڵێ گیانی گیانی فریشته‌كان!

* * * *

خۆر شاژنه‌و دانیشتووه‌
هه‌ساره‌كان هه‌موو یه‌ك...یه‌ك
به‌ده‌وریدا سه‌ماده‌كه‌ن
زه‌ویش هه‌رووا
مه‌رگی ئێمه‌ و سه‌مای ئه‌وان
كــــێ ده‌توانێ شه‌نی بكا !

* * * *

له‌نێو, خه‌یاڵی درێژی سه‌فه‌رێكدا
زه‌نگێك له‌ پڕ
كسپه‌ی هه‌واڵی تۆی هێنا
نازانم چۆن ده‌ربه‌ند نوقمی ده‌ریا نه‌بوو
چیا هه‌ره‌سی نه‌هێنا !

* * * *

له‌كه‌رنه‌ڤاڵی ساڵانه‌ی خه‌مه‌كاندا
فریشته‌یه‌ك بوو به‌ میوانی ئه‌م شاره‌
كه‌ ئاوازی هه‌نگاوه‌كان ده‌ستی پێكرد
ئا پۆڕایه‌كی پڕ له‌ڕه‌نگ

لەسەر ڕیتمی ئاوازەکە کەوتە شە پۆل
سەرنجەکان لەجیاتی بچنە سەر سەرۆك
وەزیرەکانی ڕاست و چەپ
لەسەر سیمای پڕ لە هەستی گیرسانەوە!
* * * *

ئەی تەواری شەلاڵ لەدەنگ و لەفڕین
خۆتۆ هێشتا هەر تەریوی ئاسمانەکەی مەریوانی
چی یە وازوو ئارامت گرت
لەسەیوانی سلێمانی
یان دڵنیای کە( دڵنیا )
بەرامەی تۆ، زایەڵەی تۆ
یەك ...یەك دەکا بەگۆرانی !
* * * *